Komala Party _ Iranian Kurdistan
secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

راگەیاندنی ژمارە 1ی سکرتاریەتی کۆمەڵە

هونەرمەندی بەناوبانگی کوردستان، مەرزیەی فەریقی دلی لە لێدان کەوت

جەماوەری خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان

بە داخێکی زۆرەوە پێتان رادەگەیێنین کە پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ 18ی سێپتامبری ساڵی 2005ی زایینی تێکۆشەری دێرین و دەنگی ناسراوی سروودەکانی کۆمەڵە، ئەو هونەرمەندەی ساڵها بوو سلاوی گەرمی دڵی پڕهۆمێدی خۆی بۆ هەواڵانی پێشمەرگەی دەنارد، مەرزیەی فەریقی، لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری ستۆکهۆڵمی سوئێد دڵی پڕ لە هیوا و هۆمێدی لە لێدان کەوت.

ئێمە بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە کاك ناسری رەزازی، لە جگەرگۆشەکانی، ماردین و دڵنیا و کاردۆ، لە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی و لە خەڵکی کوردستان دەکەین و دڵنیاین مەرزیە لەگەڵ ئارەزوەکانی خۆی بۆ بەختەوەری و رزگاریی خەڵکی کوردستان و لەگەڵ سروودە نەمرەکانی لە دڵی خەڵکی کوردستاندا دەژی.

مەڕاسمی پرسە و سەرەخۆشی، سبەینێ دووشەمە 19ی سێپتامبر بە بەشداریی کاك ناسری رەزازی و خاتوو لەیلا فەریقی لە بنکەی ناوەندیی کۆمەڵە لە زرگوێزەڵە بەڕێوە دەچێ. دواتر کاك ناسری رەزازی دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی سوئێد هەتا لەگەڵ منداڵەکانی، تەرمی ئەم هونەرمەندە چریکە خۆشە بێننەوە بۆ کوردستان تا لە شاری سلێمانی ئەسپەردە بکرێ.

ئێمە لە راگەیاندنەکانی دواتردا لە کات و شوێنی بەڕێوەچوونی مەڕاسمی پرسە و ئەسپەردەکردنی تەرمی هونەرمەندی خوشەویست و ناسراوی خەڵکی کوردستان، مەرزیەی فەریقی، کە لە شاری سلێمانی بەڕێوە دەچێ، ئاگادارتان دەکەینەوە.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

27ی خەرمانانی 1384ی هەتاوی

18ی سێپتامبری 2005ی زایینی

www.komala.org
Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)3150289**
Tel: **(0044704)3160752**
Mobile: **009647701405134**
Fax: 00447043140449